# هۆنینەوەو گوتنی شیعر لە ئیسلامدا

نووسینی: هێمن عەبدولعەزیز

لەسەردەمی نەفامیدا چەند داب و نەریتێک باو بوو لای عەرەبەکان کە هەمیشە شانازیان پێوە ئەکرد و باسیان پێی ئەکرد، ئەویش هۆنینەوەو گوتنی شیعر بوو، وەلێ کاتێ کە ئیسلام هات هەموو ئەوبنەمایانەی کە کاری نەفامی لەسەر بنیات نرا بوو لە ناو بران، وەک خواردنەوەی ئارەق و دەستدرێژی کردن و تالان وبڕۆ کردنی ماڵی یەکتر و دزی و پیاو کوژی و زوڵم و زۆرداری و ناپاکی و بێ ئەمەکی و بەت نمەکی و دەست درێژی کردنی ئابڕووی یەکتر و تا دوایی..

یەکێک لەو کارە نەفامیانەی وەک باسمان کردن هۆنینەوەی شیعر بوو.. ئیسلام هات و درووست و نا درووستی ئەم کارەی خستە بەر چاوی خەڵکو چوارچێوەیەکی شەرعی بۆ دارشت کە هەر کەسێک لەم چوار چێوە دەرچووبایە ئەوە لە شەریعەتی خوا دوور کەوتبووەوە..

خوای گەورە سەرەتا فەرمووی: ﴿ وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ ﴾ (الشعراء:٢٢٤).

واتە: سەرگەردان و سەر لێشێواوەکانیش شوێنی شاعیران دەکەون.

(إبن كثير) بە ڕەحمەت بێت لە تەفسیری ئەم ئایەتە ئەڵێت: ئەمە مەبەستی لە شاعیرە بێ باوەڕەکانە، کە ئەوانەن شوێن کەوتەی خەڵکە گومڕاکە بوون.

هەروەک (موجاهید) و ( عبدالرحمن بن زيد بن اسلم ) و غەیری ئەوان (بە ڕەحمەت بن) دەفەرموون: لەسەر دەمی پێغەمبەر ﷺ دوو کەس کە یەکیان

ئەنسار و ئەوی تریان ئی شوێنێکی تر بوو لە گەڵ یەک کەوتنە مشت ومڕو دەمەقاڵێ، هەر یەک لەوانیش کۆمەڵە خەڵکێکی گومڕایان بە دواوە بوو، هەر یەکەو لەباری خۆی کەوتە شەڕە شیعر بەرامبەر بەویتر، ئینجا خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند.

لە تەفسیری خازندا هاتووە، کە توێژەرەوانی قورئان ئەڵێن: ئەو شاعیرە بێ باوەڕانەی کەوا بە شیعر قسەی ناشرینیان بە پێغەمبەر ﷺ هەڵئەبەست! کۆمەڵە خەڵکێکی گومڕاش پشتیان ئەگرتن و گوێیان بۆ ئەگرتن، ئینجا ئەم ئایەتە لە دەرهەق ئەوان دابەزی..

هەروەها ( النسفی) لە تەفسیرەکەی کە لە (الزجاج) نەقل ئەکات و ئەڵێت: (الغواه) ئەوانە بوون کەوا شیعرەکانیان وەر ئەگرت و ئەیانگوتەوە.

هەروەها (ابن حجر) بە ڕەحمەت بێت دەفەرموێ: توێژەرەوان ئەڵێن مەبەست لە شاعیرە بێ باوەڕەکانە کە خەڵکی نەفام و گومڕا شوێنیان ئەکەوتن..

کەواتە لە دوای ئەم پێشەکییە ئینجا ئەم فەرموودەیەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە کە دەفەرموێ: (لئن يمتليء جوف رجلٍ قيْحاً حتى يريهُ خيرٌ من أن يمتلئ شعراً) رواه البخاري ومسلم. بەڵام زانایان ئەم فەرموودەیان بە تایبەت گرتووە بەسەر ئەو کەسانەی کەوا شیعر بەسەریاندا زاڵ بووە. هەر بۆیە ئەبینین کە ئیمامی بوخاری "بە ڕەحمەتبێت" لە ( صحيح) کەی دا گۆشەیەکی داناوە بە نێوی ( باب ما يكره أن يكون الغالب على الإنسان الشعر حتى يصُدَّهُ عن ذكر الله والقرآن).

ابو عبيد بە ڕەحمەت بێت دەڵێت: لای من ئەو کەسانە ئەگرێتەوە کەوا لە بەر هۆنینەوەو گوتنەوەی شیعر یاد و خوێندنەوەی قورئانیان پشت گوێ

خستووە. بەڵام ئەگەر لایەنی قورئان خوێندنەوەکەو وێرد و زیکر خوێندنەوەکەی زاڵتر بوو بەسەر لایەنی شیعرەکەی ئەوا هیچی بۆ نیە.

هەر بۆیە لە "ئەبو هورەیرە" گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (أصدق كلمة تكلمت بها العرب كلمة لبيد: ألا كلُّ شيء ما خلا الله باطل) فتح الباري.

یان ئەبینین کە وارد بووە لە "کەعبی کوڕی زوهێر" کە لە بەردەم پێغەمبەر ﷺ شیعری ئەخوێندەوە.

هەروەها لە (اسود بن سريع) دەگێڕنەوە کەوا بە پێغەمبەر ﷺ ی فەرموو: (من سوپاسی پەروەردگار ئەکەم لە وە کە مەدحی تۆ ئەکەم، ئینجا پێغەمبەر ﷺ، فەرمووی: خوا ئەو جۆرە مەدحەی تۆی پێباشە کە هەر کەس بیکاو هەڵیڕێژێ.. کە مەبەستی شیعرەکەی بوو.(الآداب الشرعية لإبن مفلح ج٢، ٩٤)

یان ئەبینین کەوا فەرمانی ئەکرد بە (حەسسانی کوری سابت) "خوا لێی ڕازی بێت" کە وەڵامی بێ باوەڕان بداتەوە بە شیعرەکانی. پێی ئەفەرموو: (يا حسان أجب عن رسول الله ﷺ، اللهم أيِّدهُ بروح القدس) یان لە شوێنێکی تر فەرمووی: (أهجُهم) یان دەیفەرموو: (هاجِهم وجبريل معك) "صحيح البخاري ،باب هجاء المشركين". یان ئەبینین کەوا گوێی لە کەسێ بوو کە مەدحی ئەکردو بەشیعر ڕووی تێ کردبوو..

بۆیە ئەبینین کەوا (ابن عبدالبر) "بەڕەحمەتبێت" دەفەرموێ: حەسەنی بەسڕی "بە ڕەحمەتبێت" نکوڵی نەکردووە لە هیچ شیعرێکی زانایان، هەروەها دەڵێ زۆربەی زۆری هاوەڵان شیعریان لەبەر بووەو ئەیانگوتەوە.. هەر بۆیە ئاشکرایە کەوا ( عمر بن الخطاب و عائشة وابن عباس و معاوية رضي الله عنهم ) قسەکانیان لە ڕووی سەجع و شیعرەوە هەڵئەبەست..

یـان هـەر لەسـەردەمی سـەلەفی ساڵح زۆریان هەبوون کە شیعریان لەبەر ئەکرد و یان ئەیاننووسی و ئەیانگوتەوە.

هـەتا ئی وا هـەبـوو بـاس و ئەخباری شاعیرەکانی سەلەفیان نەقل ئەکرد، لەوانـە ( **زبـیر بن بكار و وابن قتيبة، وابي عمرو الشيباني** ) یـان هـەبووە کە ڕیوایەتی شیعریان لێ وەرگیراوە لەوانە ( **ابي عمرو بن العلاء، الأصمعي، المفضل الضبي ...**)

لـە گـەل ئەمانەش ئی وا هەبوو دەڵێ گەر شیعر خێری هەبووایە پێغەمبەر ﷺ یەکـەم شـاعیر ئەبـوو. کەچـی ئـی تـر هـەیـە بـە پێـچەوانەی ئەمـە قسەی ئەکرد .

هــەروەها دەگــێڕنەوە کــەوا هاتــنە لای (ســەعیدی کــوڕی موســەییەب) "بەڕەحمەتبـێت" و گـوتـیان: کـۆمەڵێ هـەن لـە عـێراق ڕقـیان لـە شـیعرە، ئەویش فەرمووی: ( لقد نسكوا نُسكاً اعجمياً).

کەواتـە شـیعری درووسـت بوارێـکی فـراوانی هـەیـە.. بەڵام نابێ ئەوەش لە بـیر بکـەین کـە شـیعری نـا درووسـت هـەمان باسـێکی بـەر فراوانەو قسەی زۆری لەسـەر کـراوە..کـە ئـەم باسـەی ئێـستامان زیاتـر لەم چوار چێوەیە ئەخولێتەوە..

سەرەتا بە پێویستی ئەزانم کە باس لەهەردوو جۆرەکە بکەم:

**یەکەم: شیعری درووست و حەلال**: شیعری حـەلال هـێندێکی ئەکەوێتە جۆری مەنـدووب.. بگـرە ڕەنگـە بشکەوێتە چوار چێوەی واجبیشەوە ئەمەشیان ئـەو جـۆرەیە کـە پـێغەمبەر ﷺ بە (**حسان**) ئەفەرموو: ( أجب عن رسول الله ) کە مەبەستی وەڵامدانەوەی بێ باوەڕانبوو کە قسەیان ئەگوت بە پێغەمبەر ﷺ . بۆیە پێغەمبەر ﷺ بە واجبی ئەزانی کە وەڵامی بێ باوەڕان بدرێتەوە.

بـۆیە ئەبیـنین کـە لەسـەردەمی پـێغەمبەر ﷺ کـۆمەڵێ هەبـوون کـە شـیعرەکانیان بـۆ وەڵامدانـەوەی بـێ بـاوەڕان تـەرخان ئەکـرد لەوانـەش ( حـسان و عـبدالله و كعب )، هـەروەک ئەبینین کەوا (عبدالله بن المبارك ) وەڵامی ( عمراني کوری حطان ) ی ئەدایـەوە لەوە کە عیمران مەدحی ( ابن ملجم )ی ئەکرد کـە بکـوژی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب بوو.( طبقات الشافعية ). یان ئەبینین کەوا (ابـن حـزم ) "ڕەحمـەتی خـوای لێبـێت" بـە شـیعر وەڵامـی مەلیکـی رۆمـی ئەدایـەوە لـەو کاتـەی کـە بـە شـیعر ئـاینی پاکی ئیسلامی لەکەدار ئەکرد. ( البداية والنهاية).

لەو شیعرانەش کەوا مەندووبن وەک ئەو شیعرەی کە لە مەدحی پێغەمبەر ﷺ ئەنوسرێ و ئەگوترێ، وەک ئەو شیعرەی کە مەولەوی شاعر ئەڵێ:

هەتیو بە ئەدەب ئوممی عەللامە
لەمە موعجیزتر موعجیزە کامە.

هـەروەها لەو شیعرانەی کەوا (مەندووبن) وەک ئەو شیعرانەی کە باس لە حاڵی زوهد و تەقواو ئیمان و قەبرو قیامەت ئەکەن:

هەروەک مەحوی دەربارەی تەقوا ئەڵێت:

بە نووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم چبکەم
بەشەمعێکی وەها چاری شەوێکی وا نەکەم چبکـــەم

یان دەربارەی عیشقی خوا ئەڵێت:

لـە خەزنەی دڵمدا هەرچی هەیە و هەر داغی سەودایە
دەسا ئەم نەقدە دەردی عیشقی پێسەودا نەکەم چبکەم

یان دەربارەی هیوا درێژی ئەڵێت:

پیری نەمامی باغی جوانیمی کردە پووش
تازەم درەختی گولی ئەمەل دەردەکا چرۆ

یان پیرەمێرد لە باسی ڕیا دا دەڵێت:

کەچاکە ئەکەی مەیڵێ لەلای کەس
بۆ زەوقی خۆت بێ و خوا بیزانێ و بەس

هەروەها ئەو شیعرانەی کە باس لە وەسفی شاخ و کانی و کارێزو ئاوی سازگار دەکەن، یان باس لە ئەستێرەو مانگ و تیشکی خۆر ئەکەن هەمدیس هێندێکیان ئەکەونە چوار چێوەی ( مەندووب ) ەوە، بە مەرجێ لە سنووری شەرع دەرنەچن.

هەروەها ئەو شیعرەی کە باس لە حیکمەت ئەکات.. حیکمەتی خەلقی خوا کارو کردەوەی جوان، هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموی: ( إنَّ الشعر حكمة)

هەروەک شیخ الإسلام إبن تيمية ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەفەرموێ: ( فإن الأمثال المنظومة إذا كانت حقاً مطابقاً فهي من الشعر الذي هو حكمة، وإن كان فيها تشبيهات وتخييلات عظيمة أفادت تأليفاً وتنفيراً. ( مجموع الفتاوى، ج٢٨، ٦٥، الجامع لأحكام القرآن، ج ١٣، ١٥٣

هەروەها ئەو شیعرەی کەوا حەلال و درووستە وەک شیعری غەزەل، ئەو شیعرانەی کەوا هۆکاری شەهوت و ئارەزووەکان نین، واتە پاکە لە هەموو ئەتوارو هاندەرێکی نابووت و پەرپووت. هەروەک ئەبینین کە حەسسان ئەم جۆرە شیعرەی زۆرن کە دوورن لە هەموو نابووتییێک، یان

ئەبینین (کەعبی کوڕی زوهێر) لە مەدحی پێغەمبەرا ﷺ هەمیشە شیعری ئەنووسی و ئەیگوتەوە.
هەروەها جۆرێکی تر لە شیعرەکان شیعری موباحە واتە ئەو شیعرەی کە ڕێی پێ دراوە. وەک ئەو شیعرانەی کەوا مەدحیان تیایە بە مەرجێ لە سنوور دەرنەچن. واتە مەدحێک نەبێت کەلەگەل هەڵگوتنی شیعرەکە سەدان درۆوو دەلەسە تێکەڵ بەشعرەکەی بکات بە بیانووی مەدحکردنی شتێکە کە دروستە مەدحی بکرێت.. بۆیە ئەبینین کە ڕۆژێ پێغەمبەر ﷺ گوێی لە کەنیزەیەک بوو کە شیعری ئەگوت و ئەیگوت: ئێمە پێغەمبەرێکمان لە ناو دایە ئەزانێ کە لە دوا ڕۆژا چی ڕوو ئەدات.. کەچی کە پێغەمبەر ﷺ ئەمەی گوێ لێ بوو فەرمووی: نەخێر وا مەڵێ من وەک ئێوەم لە غەیب ئاگادار نیم بەڵکو وا بڵێ و وابڵێ.. یان ئەو گێل و ووشکە نەخوێندەوارانەی ئەمڕۆمان لە کۆڕی مەولوودەکانیاندا دەست ئەکەن بە مەدح کردنی پێغەمبەر ﷺ و ئەڵێن: خوا فەرموویەتێ ( لو لاك لو لاك ما خلقت أفـــلاك ). کە ئەمە فەرموودەیەکی هەڵبەستراوەو خوا قەت و قەت بوونەوەری لە پێناو پێغەمبەر ﷺ درووست نەکردووە.
هەروەها لەو شیعرە درووستانەی وەک شیعرێک کە وەسفی شتێک ئەکات لە بوونەوەرو درووست کراوەکانی خوا چونکە خوای گەورە دە فەرموی : ﴿ أَفَلا ينظُرُونَ إِلَى الْأبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ ﴾ (الغاشية:١٧) واتە: ئەوە سەرنجی حوشترێ نادەن کە چۆن درووست کراوە؟

**دووەم: شیعری حەرام:**

لەوانە:

- شیعری غەرەزو هەڵنانی شەهوەت و ئارەزوو:

وەک شیعرەکانی شێخ رەزای تاڵەبانی... بۆیە ئەبینین کەوا (**شیخ الإسلام إبن تيمية**) "بە ڕەحمەت بێت"، ئەڵێت: گەورەترین هاندان بۆ فەسادو بێ ئابڕوویی بریتیە لە هۆنینەوەو گوتنی شیعری غەریزەیی. (**مجموع الفتاوى ج ١٥، ٣١٣**)، یان بۆیە ئەبینین کە ئیمام ئەحمەد و غەیری ئەوهەموو جۆرە شیعرەکانی غەزەلیان بە حەرام ئەزانی. چونکە وەسفی لەش و لارو لەنجەی ئافرەتان ئەکات. وەک ئەو شیعرە جاهلی یەی کە دەڵێ:

چاوی ڕەشت گەلاوێژن کوڵمەکانت قەندی شیرین
بژەو ئەبرۆت تیر هاوێژن لە بن خونچەی گوڵی ڕەنگین

بۆیە ئەبینین کەوا لەسەردەمی زێڕینی ئیسلامەتیدا خەڵکی بەسرە ڕقیان لە (بشار بن برد) گرت کە شیعری غەزەلی دەهۆنیەوەو لە ناو خەڵکیشا ئەیگوتەوە، چوون هەواڵیاندا بە مەهدی کە وا (بشار) خەریکی هاندانی غەریزەی جنسیە لە ڕێگەی شیعرە غەزەلەکانیەوە، بۆیە زاناکانی ئەو سەردەمە لە بەسرا ئەیانگوت: هیچ شتێک نیە کە لەم شارە خەڵکی دووچاری فەسادو بێ ئابڕوویی بکات لەم پیاوە کوێرە زیاتر، مەهدیش ڕای زاناکانی وەرگرت و بەشاری هێناو لە ژێر قامچیا کوشتی. (دوو لەو زانایانەش قازی سوارو مالکی کوری دینار) بوون. **الأغاني ج٣، ٤٠**

هەروەها لە شیعرە حەرامەکان ئەو شیعرانەن کەوا بە ئاشکراو بە بێ پەردە جوێن بە خواو پێغەمبەر ﷺ ئەدەن، یان ڕەخنە لە خوا ئەگرن.

وەک ئەو شیعرانەی کەوا کەعبی کوڕی ئەشرەف ئەیهۆنیەوەو ئەیگوتەوە.. لەسەر ئەمە پێغەمبەری خوا ﷺ موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی ناردو کوشتی.

یان وەک ئەو شیعرانەی کەوا ئەمڕۆ ئەدیبە بێ ئەدەبەکانی خۆمان ئەینووسن و ئەیلێن وەک هێمن دەڵێ:

دیم شۆخی لەباری لادێ بۆ نوێژ ڕای ئەخست بەرهەڵبینێ
گوتم تۆشۆخیت هەموو بەهەشتی خوا دێنێ
بۆچی پێت وایە کە ئەم خوایە
هێندە بێ ڕەحمە کە تۆش بسووتێنێ ؟!

یان ئەو شاعیرە بێ ئەدەبەی کە ئەڵێ: من ژمارەی پێڵاوەکانی خوا ئەزانم چەندە؟؟!!!
یان ئەو شیعرە بێ شعوریانەی خەیام، لەوانە ئەڵێ:

دەسکاری خودایە خۆم و ئاکاریشم
بۆ هەرچی دەچم لە دەستی ئەودا ڕیشم
هیچ کاری بە دەست خۆم نییە، هەرچی دەیکەم
ئەو پێمی دەکا هێشتا گوناهباریشم

یان دەڵێ:

ئەو ڕۆژە خودا سانی گیانی ڕانا
دەیزانی بە کردەوەم، خودایەو زانا
هەر خۆیەتی دایناوە هەڵەو سەرپێچیم
سووتاوی جەهەندەمی لە بەرچی دانا؟!

یان ئەبینین کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ خوێنی کەعبی کوڕی ئەشرەفی حەلال کرد سەبارەت بەو شیعرانەی ئەو کە بێ ئابڕوویان ئەکرد بە خواو بە پێغەمبەری خوا ﷺ.

هەربۆیە خەلیفە راشدینەکان مامەڵەی زۆر توونديان ئەکرد بەرامبەر بەوانەی کەوا شیعری کوفرو بێ باوەڕیان ئەنووسی و ئەیانگوتەوە، ئەبینین کەوا عومەری کوڕی خەتتاب "خوا لێی ڕازی بێت" ( **حطيئة**) ی گرت و خستیە کونجی زیندان و ئازادی نەکرد تاکو بەڵێنی لێ وەرگرت کەچیتر بەردەوام نەبێت لەسەر ئەم کارەی ئینجا ئازادی کرد، ( **الشعر والشعراء**).

یان ئەبینین کەوا عوسمانی کوری عەففان "خوا لێی ڕازی بێت" (حارسی کوڕی زابی) خستە زیندانەوە لەسەر شیعرەکانی، ئەوە بوو ئەو کاتەی کە عوسمان شەهید کرا ئەو هەر لە زینادان بوو. (هەمان سەرچاوە)

یان ئەبینین کەوا ( معاویەی کوڕی ئەبی سوفیان ) "خوا لە خۆی و لە باوکی ڕازی بێت" (یەزیدی کوڕی مفرغ الحمیری) خستە زیندان لەسەر ئەوە کە لە ڕێگەی زێدەڕەوی کردن و دەم درێژی کردنی بەرامبەر بە (عەبدوڵڵای کوڕی زیاد)و براکانی .( **الأغانی ج١٧، ٥٦.** )

❁ هەروەها لەو شیعرانەی کەوا حەرامن ، وەک مەدح کردنی ئارەق و داوێن پیسی ( وەک شیعرەکانی رەزای تالەبانی و خەیام )، خەیام دەڵێت:

سەرکۆنە کەران دەڵێن کە: مەستی بادەم
من گوێچکە بەوان تەوس و توانج نادەم
سەرخۆشم و مەیخانە پەرستم بۆچـــی
هەر بۆیە کە خۆ لە خۆپەرستی لادەم

یان دەڵێت:

ئاخ خۆزگە لە مردنا بە مەی شۆراوم
ژێر سێبەری مەیخانەکا نێـــــــژراوم
کێ ڕۆژی قیامەتێ منی دێتەوە بـــیر
هیچ بۆم نەگەڕێ، لە چۆمی مەی خنکاوم

هەڵبەت ئەمەش لەسەردەمی خۆی پەیتا پەیتا زیادی ئەکردو بڵاو ئەبوویەوە..سەرەتا کەم بوو لەپێش ئیسلام دوایی لەسەردەمی ( بني أمية دروست بوو، بەرچاوترینیان ( اخطل) بوو هەرچەندە ئەو نەسرانی بوو، بەڵام خەڵکی تر لەدەمی ئەمەوە خەریک بوون کە فێر ئەبوون هەتا لەسەردەمی بەنی عەبباسیەکان خەڵکانێکی وەک ( بشار بن برد و ابن هَرْمَة و مسلم بن الوليد و أبو نؤاس... تادوایی ) هاتن و لە سەر هەمان ڕێچکە ئەڕۆیشتنەوە، ئەگەر چی زۆر هەبوون لەوان کە ئارەقیشیان نەئەخواردەوە وەلێ هەر بەسەر ئاڕەقیشیان دا هەڵئەگوتەوە.

✿ هەروەها ئەو شیعرانەی کەوا حەرامن وەک شیعرێک کە مەدحی شتێک ئەکاو و لەسنوور دەری ئەچوێنێ، وەک ئەو شاعیرەی دەڵێ:

چاوی وەک نێرگز زولفی وەک شەوبۆ
ئەی مانگ ئەمانەت لە کێ هەیە تـــــۆ

✿ هەروەها لەو شیعرە حەرامانەی کە تیایدا بۆ گاڵتە پێکردنی ئایەتی خوا ئەهۆنرێتەوە.. وەک ئەو مەلا زۆرەوەی شەقلاوە کە خۆم لەدەمی

خۆی لێم بیست و گاڵتەی بە ئایەتی بە ئایەتی خوا ئەکردو دەیگوت: ( تبت یدا ، باوکت بە دایکت وە بدا )!!!!.

پێویستە لێرە هەڵوەستەیەک بکەین:

ئەم ئایەتانەی کە ئەخرێنە نێو شیعرەوە سێ چەشنن:

چەشنی یەکەم: درووستە وەک ئەو ئایەتانەی کەوا تێکەڵ بە شیعر ئەکرێن کە پەندو ئامۆژگاری و ووتارن لەمینبەرەکان و خەڵکی هان ئەدەن بۆ لە خوا ترسان و گەڕانەوە لای خوا.

وەک: مەحوی دەڵێ:

مەحویا، با بەس بێ شیرکی تەشەببوث بـــــەم و ئەو
بگرە بەس دامەنی تەوحیـــــــــــــــدی ( هو الله احد )
دەبینی ( هو الله احد ) خوێنەکانی کونجی مزگەوتەکان
ڕەوەو سەحرا، کە دەیبەن وا سوراحیی هاتەوە قولقول.

چەشنی دووەم: تێکەڵ بە چیرۆک و سەرگوزشتە ئیسلامییەکان ئەکرێن.

چەشنی سێ یەم: دوو بەشە:

١. ئایەتەکان خۆی چونکە لەشێوەی شیعرو پەخشانن و سەجعیان تیا بەدی ئەکرێ کە ئەوەش بریتییە لە ئایەتی خوا کە هەرکەسێکی بیخوێنێتەوە نەک گوناهبار نابێ بەڵکو پاداشت و خێریشی ئەگات.

٢. ئەم ئایەتانەی کە لەشێوەی گاڵتە پێ کردنەوە دەر دەبڕدرێن (وەک ئەوەی کە گوتمان مەلا خوانانەسەکە لە شەقلاوە ئەیگوت).

### مسوڵمانان .. خۆشەویستانی هێژاو سەنگین:

هەڵبەت ئەم باسە هەر ئەمەندە نییە کە نووسراوەو باس کراوە.. بگرە تا باسی کەیت هەر بەدوای دا دێت.. کورد گوتەنی ئەم هەویرە ئاوێ زۆر هەڵئەگرێت..؟! بۆیە منیش زیاتری بە دوا دا ناچم و هیچی تر.